# ساردبوونەوە لە سیاسەت! یان لە حیزبایەتی؟ *

نەوزاد وەلـی

ماوەی چەند ساڵێکە دیاردەی (ساردبوونەوەی) بەشێکی زۆری کوردی باشور لە حیزبایەتی ، لە ئەوروپادا بووەتە دیاردەیەکی هێجگار سەرنجڕاکێش.

لـەم دواییەشدا کاك جەلال دەباغ ئەم مەسەلـەیەی خستەبەر باس و دوای ئەویش چەند کەسێك لە دەرگای ئەو باسەیان داوە.

ئەوەی شایانی باسە هێشتا بە شێوەیەکی زانستییانە باسی ئەو دیاردەیە نەکراوە و بە شێوەیەکی گشتیی هۆیەکانی ئەگەڕێننەوە بۆ شەڕی ناوخۆ و سەرئەنجامەکانی ، لـە کاتێکدا کە ئەوە تەنیا بەشێکە لـە سەرجەمی هۆکارەکانی ئەو دیاردەیە.

کەسانێکیش هەن کە زۆر بە پەرۆشەوە داکۆکییئەکەن لـە حیزبایەتی و لایان وایە حیزبایەتی جیاناکرێتەوە لـە سیاسەت و کوردایەتی! یان باسکردنی ئەم باسانەش خۆی لـە خۆیدا بە دوژمنایەتیکردنی مەسەلـەکانی گەلـەکەمان و خزمەتی دوژمنان لـە قەڵـەم ئەدەن.

ئەگەر بە شێوەیەکی کورت و زانستییانە لـەم دیاردەیە بدوێین ، ئەوا ئەبێت دەستنیشانی هۆیە گرنگەکانی بکەین و بەبێ پێچوپەنا لـەسەر هەر یەك لـەو هۆیانە بدوێین.

بەڵام لـەگەڵ ئەوەشدا نابێت ڕۆڵی کۆڕوکۆمەڵـە سیاسییەکان فەرامۆش بکەین لـە بوژاندنەوەی هەستی نەتەوایەتی و نیشتمانیی کورددا ، لـەبەرئەوە لـەم باسەدا زیادتر باسی ئەو خاڵانە ئەکەین کە پەیوەندیی بە ڕۆژگاری ئەمڕۆوە هەیە.

ئەگەر زۆریش لـەسەر باسەکە نەڕۆین ، ئەوا لام وایە کە ئەتوانین تا ڕادەیەکی باش ئەم دیاردەی (ساردبوونەوەیە) بەم چەند هۆیەی خوارەوە ڕون بکەینەوە:

هۆی یەکەم: (بچوکبوونەوەی دنیا و بەگشتیی بوون – گلۆباڵیزم) و فراوانیی زانیاریی و تێکنۆلۆجیا و گەیشتنی دەنگوباس و هەواڵـەکان لـە ماوەیەکی کورتی وەك چەند خولـەکێکدا ، لـەمپەڕی دنیاوە بۆ ئەوپەڕی.

جاران نەك هەر ئێمە ، بەڵکوو زۆربەی گەلانی دنیاش ، حیزبایەتییان زۆر بە خەستیی ئەکرد و نەك هەر بە ئاسانیی پەیوەندییان بۆ نەئەکرا بە دەوڵـەتان و گەلانی ترەوە و داوای یارمەتی و پشتگیریی بکەن! بەڵکوو پەیوەندییکردن بە بەشەکانی تری هەمان حیزب و کۆڕوکۆمەڵـەوە لـە شارەکانی هەمان ناوچە و وڵاتدا ، کارێکی ئاسان نەبوو ، جگە لـەوەش کە ئەندامانی ئەو حیزب و کۆڕوکۆمەڵانەی کە دەسەڵاتدار نەبوون ، کەس کەسی نەئەناسی زیادتر لـەوانەی کە لـە شانە و کۆمیتەیەکدا پێکەوە کاریان ئەکرد.

خەباتی چەکداریی و نزیکبوونەوەی جەماوەر لـە یەکتر ، هەروەها کاری سیاسی ئاشکرا لـە دوای ڕاپەڕینەوە ، بووە هۆی ئەوەی کە لاوان و جەماوەرەکە بەگشتیی ، ئاڵوگۆڕی بیروڕا بکەن و هەزاران ڕاستییان بۆ دەربکەوێت کە تا ساڵانی ڕابوردووی نزیك ئەو ڕاستییانە شاراوە بوون و تەنیا سەرکردە نهێنییەکانی ئەو حیزب و کۆڕوکۆمەڵانە ئاگاداری بوون.

بە پێشکەوتنی تێکنۆلۆجیا و گەیشتنیشی بە ناوچەکە و کوردستانیش ، هەرچەندە زۆر بە هێواشیی و کەمیشە ، زۆربەی دیاردە کۆمەڵایەتی و سیاسی و ئابورییەکانیش بەرەبەرە ئاڵوگۆڕیان بە خۆیانەوە بینیوە و کاریان تێکراوە.

جاران زۆر متمانە نەئەکرا بە دەنگوباس و هەواڵـەکانی ڕادیۆ و ڕۆژنامە و گۆڤارەکان ، بەڵام ئەمڕۆ لـە چاوتروکاندنێکدا بەهۆی

ساتیلایتەوە تا ڕادەیەکی زۆر بە متمانەوە و بە شێوەیەکی زیندوو هەواڵـەکانی دنیا ئەبیسترێن و ئەبینرێن و کەس چاوەڕێی ئەوە ناکات کە لێپرساوە حیزبییەکەی کۆبوونەوەی پێبکات و ئەو هەواڵانەی بۆ بگێڕێتەوە و بە گوێرەی بیروباوەڕی حیزبەکەی یان خۆی ، هەواڵـەکان دابڕێژێتەوە.

جاران زۆربەمان لـە چەپڕەوەکانی دنیا وامان ئەزانی کە وڵاتە سۆشیالـیستەکان بەهەشتی سەر زەمینن ، بەڵام لـەم ساڵانەی دواییدا و بەهۆی پێشکەوتنی دەزگاکانی ڕاگەیاندنەوە ، دەرکەوت کە زیادتر لـە دۆزەخ ئەچوون وەك لـە شتێکی تر.

یان ئەگەر ڕژێمی ئێران ڕێگای نەدایە بە چەند ڕۆژنامەنوسێك بۆ وێنەگرتنی کارەساتی هەڵـەبجە ، لـەوانەیە تا ئێستاش زۆر کەس لـە دەرەوەی کوردستان باوەڕیان بەو کارەساتە نەبووایە ، تەنانەت لـە ناو کوردستانیشدا لـەدوای ڕاپەڕینەکە ، ئینجا بە شێوەیەکی گشتیی بەو کارەساتە زانرا.

هەروەها پەرەسەندن و بڵاوبوونەوەی فاکس و تێلـێفۆنی دەستیی و ئینتەرنێت و دەیان جۆری تری دەزگاکانی پەیوەندیی و زانیاریی و ڕاگەیاندن ، ڕۆڵـێکی گرنگ ئەبینن لـەم بوارەدا.

کەواتە بوونی جۆرێك لـەم دەزگایانە یان ساتیلایتێك لـەماڵـێکدا ، تا ڕادەیەکیش بەبێ گوێدان بە ڕادەی ڕۆشنبیریی ئەندامانی ئەو خێزانە ، چاوکراوەیان ئەکات ، جا ئەگەر بە ئاشکراش ئەو کارتێکردنە دەرنەبڕن.

هۆی دووەم: تێکەڵاوبوونی لاوانی کورد لـەگەڵ کولتور و داب و نەریتی گەلانی ئەوروپادا و کەم یان زۆر فێربوون ، یان چاولێکردن لـە ژیانی سیاسی ئەو گەلانە و بەراوردکردنیان.

لـە ساڵانی پەنجاکاندا ، ئەو لاوە کوردانەی کە لـە ئەوروپا ئەیانخوێند ، ژمارەیان لـە پەنجەکانی دەستێك تێنەئەپەڕی ، بەڵام لـە ساڵانی دوای شۆڕشی چواردەی تەموز و ئەیلولـەوە بەرەبەرە ڕێگای ئەوروپا تەخت بوو بۆ لاوانی کوردستان ، حیزبی شیوعی و پارتی سەدانیان نارده وڵاتە سۆشیالـیستییەکان بۆ خوێندن.

هەروەها لـە ساڵانی حەفتاوە و بەتایبەتیی لـە دوای هەرەسی شۆڕشی ئەیلولـەوە ، دەیان هەزار پەنابەری کوردستان ڕوویان کردووەتە وڵاتە سەرمایەدارییەکان.

ئەوانەی کە لـە وڵاتە سۆشیالـیستەکان خوێندنیان تەواوئەکرد ، ئەبووایە یان بگەڕێنەوە وڵاتی خۆیان ، یان بە هەزار فرۆفێڵ هەندێك لـە کادێرەکان ئەمانەوە و لـەدواییدا ناچار ئەبوون کە بچنە وڵاتێکی تر و بە گشتییش لـەم ساڵانەی دواییدا ئەچوونە وڵاتە سەرمایەدارییەکان.

لـە سەرەتادا ئەوە بە کارێکی ناڕەوا و شەرمەزاریی دائەنرا کە شیوعی و پێشکەوتنخوازەکان بچنە وڵاتە سەرمایەداریی و ئیمپریالـیزمییەکان و یارمەتییان بدرێت و بەخێو بکرێن! بەڵام یارمەتیدانی ئەو گەلانە و بەدەنگەوەهاتنیان و نەرمیی و لـەسەرخۆیی و ڕێزگرتنیان لـە مافی مرۆڤ بە شێوەیەکی گشتیی (لـێرەدا ناڵـێین بە تایبەتیی چونکە مافی مرۆڤ لـە لای ڕژێمە سەرمایەدارییەکان شتێکی ترە و ئەوەش باسەکەمان نیە) ، هەروەها داب و نەریتی دیموکراتیی و ڕۆحسوکیی ، هەر زوو کارئەکاتە سەر مرۆڤ و توندڕەوییەکەی خاوئەبێتەوە.

نمونە هێجگار زۆرە بۆ ئەو گۆڕانکاریی و کارتێکردنەی داب و نەریتی گەلانی ئەوروپا بۆ سەر لاوانی کوردستان و بەراوردکردنیان.

بۆ نمونە دووانیان باس ئەکەم ، جارێك هەندێك لاوی کورد و عەرەبی حیزبی شیوعی عێراق لـە (مەدرەسەیەکی حیزبیی) ئەبن لـە ئەڵـمانیای (دیموکراتی) ، لـە هەمان کاتدا وەفدێکی یەکیەتی لاوانی بەعسی عێراق لـە بەشێکی تری ئەو مەدرەسەیە بوون ، شیوعییەکانی ئەڵـمانیا ، براشیوعییە عێراقییەکانیان بۆ ماوەی سێ چوار هەفتە قەتیسکرد لـە بەشێکی مەدرەسەکەدا و

نەیان هێشت بە ئازادیی بجوڵێنەوە ، لەپێناوی ئەوەی کە نەوەك بەعسییەکان چاویان پێیان بکەوێت و سەغڵەت ببن!
بەڵام لە وڵاتە ڕۆژئاواییەکاندا هەرچەندە سیاسەتیان دووفاقە! هەر لە فرۆکەخانەوە تا بەردەرگای سەفارەتخانە و هۆتێلەکان ، کەسانی پەنابەر و بەرهەڵستکار بۆیان هەیە دوای نوێنەرانی ڕژێمەکانیان بکەون و (هوها)یان لێبکەن.
هەروەها لە کاتی کارەساتەکەی هەڵەبجەدا لە تەواوی وڵاتە سۆشیالیستییەکاندا داوای ئیجازە کرا بۆ مانگرتن و خۆپێشاندان لەبەر سەفارەتخانەکانی عێراقدا ، بەڵام کەس ڕێگای پێنەدرا ، لە کاتێکدا کە لە پایتەختەکانی سەراپای وڵاتە ئەوروپاییەکاندا دەیان هەزار ، نەك هەر کورد بەڵکوو هاونیشتمانییانی ئەو وڵاتانەش چوونە سەر سەفارەتخانە و کۆنسولـییەکانی ڕژێمی عێراق و ناڕەزایی خۆیان دەربڕی و ڕیسوایان کرد کە لە تەنیا وڵاتێکی بەناو سۆشیالیستییدا کارێکی وا نەکرا ، جگە لەوەش کە زۆربەی هەرە زۆری حکومەتەکانی وڵاتە ئەوروپاییەکان ئەو کارەساتەی هەڵەبجەیان بە ڕەسمیی تاوانبار کرد و دواتریش ئەو ڕۆژەیان کرد بە ڕۆژی قەدەغەکردنی چەکی کیمیایی ، ئەمەش بە پێچەوانەی وڵاتە سۆشیالیستییەکانەوە کە نەك هەر بێدەنگ بوون ، بەڵکوو هەر نکۆڵییشیان لەو کارەساتە ئەکرد!
لە ئەوروپا ، کورد بە چاوی خۆی جۆرێك لە دیموکراتیی ئەبینێت و کەس نیە پێی بڵێت حەز لە کام ڕەنگ ئەکەیت و ڕقت لە کام ڕەنگە و کەس لە کەس ناکەوێت (ئەگەر مرۆڤ خۆی بیەوێت!).
ئازادیی بیروباوەڕ و بێلایەنیی دەزگا ڕەسمییەکان ئەبینێت ، حیزبایەتی و دەنگدانی ئازاد و هەڵبژاردنی دیموکراتییانە و عادیلانە ئەبینێت ، هەروەها ڕێز و نرخی مرۆڤ و دەیان جۆری تر لە دیاردە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکان کە قۆناغێکی زۆر لە پێشەوەی ئەو قۆناغەوەیە کە گەلانی ناوچەکەی ئێمەی پیادا تێئەپەڕێت.
کەواتە بە تێکەڵبوون لەگەڵ ئەو گەلانەدا و بەراوردکردنی ئەو کولتورانە و داب و نەریت و ژیانی ڕۆژانەیان ، شوێنەواری خۆی بەجێئەهێڵێت لەسەر هەڵسوکەوت و بیروباوەڕی ئەو کەسانەی کە لە وڵاتانی ئێمەوە دێن ، جا بێگومانە کە هەندێك کەس کەم ئەگۆڕێن و هەندێکیش زۆر ، ئەویش بەستراوەتەوە بە ڕادەی ڕۆشنبیریی و تێگەیشتنی مرۆڤەوە و ئامادەیی بۆ خۆگونجاندن لەگەڵ ئەو کولتورەدا.

هۆی سێیەم: کێشەی فیکریی و بێزاربوون لە حیزبایەتیکردنی چەوت و پێشێلکردنی مافی تاکەکەس (ئیندیڤید) و مافی مرۆڤ بەگشتیی.
لەلای ئێمە حیزبایەتی مانای (سەربازیی) و بەڵکوو زیادتریش لەوە (سەربازێکی کەڕ و لاڵ و کوێر) یان وەك ئەمڕۆ پێی ئەڵێن ڕۆبۆت ، نەك حیزبییەکی خاوەن بیروباوەڕ و مرۆڤێکی ئازاد!
(مەرکەزیی دیموکراتیی) یەکێکە لە بنەماکانی حیزبایەتی ، نەك هەر لەلای حیزبە شیوعییەکان ، بەڵکوو لەلای تەواوی حیزب و کۆڕوکۆمەڵانی غەیری ئەوروپایی! لەبەرئەوە (خۆ بەکوشتدان) لەپێناوی حیزبەکەدا (نەك ئاوات و ئامانجەکان) ئەرکی سەرەکیی هەموو حیزبییەکە! لە کاتێکدا کە حیزب ئامرازێکە بۆ گەیشتن بە ئاوات و ئامانجەکانی کۆمەڵە مرۆڤێك ، نەك بەپێچەوانەوە.
بۆیە ئەبینین کە لە کوردستاندا حیزبەکان پەتپەتی دنیایان بەسەر خۆیان و گەلەکەیاندا هێناوە لەپێناوی بەرژەوەندە تایبەتییەکانی حیزبەکانیاندا.
تەنانەت ئەوەی کە باسی ناوگۆڕینی حیزبەکەی بکات ، ئەوا ئەبێت خۆی لە خانەی دوژمنانی حیزبەکەدا ببینێتەوە! لە کاتێکدا کە سەدان حیزبی دنیا لەپێناوی برەودان بە بیروباوەڕەکانیان و خۆگونجاندن لەگەڵ گۆڕانکارییەکانی کۆمەڵگاکەیان و ناوچەکە و دنیادا ، زۆر بە ئاسانیی نەك هەر ناوی حیزب و کۆڕوکۆمەڵەکەیان ئەگۆڕن ، بەڵکوو زۆر لە بنەما سیاسی و

فیکرییەکانیشیان ئەگۆڕن! چونکە ئەوەیە دایالێکتیك ، گۆڕان ، تازەکردنەوە ، بەرەوپێشچوون و وەڵامدانەوەی پێویستییە نوێیەکانی ژیان.

ئەمانە لەلای ئێمەی کورد تەواو پێچەوانەن و هەر وەك ئەوەی کە ڕەوڕەوەی ژیان وەستاوە و ڕۆژێك بەرەو پێشەوە ناڕوات ، حیزبایەتی لەلای ئێمە ، هەر لە چەپەوە تا ئەوپەڕی ڕاست ، دوژمنایەتی کردنی حیزبێکی ترە و بەڵکوو زۆر جاریش تەواوی حیزبەکانی تر.

ئەوانەی کە دورئەکەونەوە لە حیزبەکانیان ، کەسانی ترسنۆك نین ، زۆربڵێ ، ڕوخاو ، دۆڕاو ، بێورە و دەیان ناووناتۆرەی تر کە حیزبەکانیان بۆیان دروست ئەکەن.

ئەوەش کە جێی داخە و ئەو دیاردەیەش کە کەس ناتوانێت نکۆڵیی لێبکات ، ئەوەیە کە زۆربەی هەرە زۆری ئەو کەسانەی واز لە کاری سیاسی ڕاستەخۆ و حیزبایەتی ئەهێنن ، ئەوا ئەو کەسانەن کە خۆیان بە چەپڕەو و ڕۆشنبیر و تێگەیشتوو ئەزانن ، ڕازیی نین بەو سیاسەتە چەوت و وێرانکارییەی حیزبەکانیان ، بێزارن لەو جۆرە حیزبایەتییەی لە کوردستاندا پەیڕەو ئەکرێت ، لەبەرئەوەش کە نە حیزبێك و نە بەرەیەکی چەپی ڕاستەقینەش ئەدۆزنەوە لە کوردستاندا ، بۆیە هەست ئەکەن کە ژیانی خۆیان و ماڵومناڵیان لەپێناوی (هیچ)دا بەفیرۆ ئەدەن ، خۆشیی لە ژیان نابینن ، لە کاتێکدا کە ئەو دەرفەتی خۆشیی ژیانە لە دەرەوەی کوردستان زۆرە و بەڵکوو بۆ بەدەرامەتەکان تا ڕادەیەکیش ئاسانە و بە سەربەرزییش ئەژین.

کاتێك کە هاونیشتمانیی کوردستان هەست بەو ڕاستییە ئەکات کە نرخی هەموو شتێك لە کوردستاندا گرانە و تەنیا نرخی مرۆڤ نەبێت ، بە پێچەوانەشەوە ئەبینێت کە لە وڵاتە ئەوروپاییەکاندا لەگەڵ هەموو کێشە ئابوری و کۆمەڵایەتییەکانیاندا ، مرۆڤ پلە و پایە و نرخی بەرز و مافی خۆی هەیە و بەگوێرەی دەستور و یاسا پارێزراوە ، بۆیە هەر زوو هەوڵئەدات کە لەو دۆزەخە و لەو جۆرە حیزبایەتییەی کوردستان دوربکەوێتەوە.

ئەوانەی کە دێنە ئەوروپا و ئەو واقیعە دەمارگیرییە و حیزبایەتییە وشك و تەسکە و ئایدۆلۆجیا نەگۆڕەی حیزبەکانیان بەجێئەهێڵن و ئەم واقیعەی ئەوروپاش ئەبینن و تیایدا ئەژین ، کەمیان ئەگەڕێنەوە بۆ کوردستان بۆ حیزبایەتیکردن ، ئەوانەش خۆی لە خۆیدا چەند جۆرێکن ، وەك ئەوانەی کە بەرژەوەندی ئابورییان هەیە لەو جۆرە حیزبایەتیکردنەدا ، ئەوانەی کە تەواو دەمارگیرن و باوەڕیان بە گۆڕان نیە ، ئەوانەی کە توانای فێربوونی زمان و خۆژیاندنی ئازادیان نیە و تەواوی ژیانیان کادێری (موتەفەریغ) بوون و لەسەر حسابی حیزبەکەیان ژیاون ، ئەوانەی کە لە ژیانی خێزانییان بێزارن و نیازی فرەژنییان هەیە ، ئەوانەی کە ئەوەندە خراپەیان کردووە لە کوردستاندا بەرامبەر بە جەماوەرەکە و لایەنگرانی ئەم حیزب و ئەو حیزب و کە دێنە ئەوروپا ، ئەبینن هاونیشتمانییەکانیان بە چاوی ڕق و قین و نزمییەوە سەیریان ئەکەن ، بۆیە هەر زوو بە بڕێك پارەی کۆکراوەی سۆشیال و کاری ڕەشەوە (ئەگەر خوانەخواستە کارێکیشیان کردبێت) ئەگەڕێنەوە بۆ کوردستان بۆ حیزبایەتیکردنەکەی خۆیان و وەرگرتنی پلە و پایەی حیزبیی و بەرپرسیاریی ، چونکە هەر لەناو ئەو کۆمەڵانەی خۆیاندا (نرخی خۆیان) هەیە و لەناو ئەو جۆرە کەسانەدا ئەتوانن ژیان ببەنەسەر و بە بێ فیتنە و شەڕ و ئاشوب بۆیان ناچێتەسەر.

ئەوانەش کە لە ئەوروپا ئەمێننەوە و حیزبایەتی ئەکەن ، زۆربەی زۆریان تا ڕادەیەکی باش گۆڕانکاریی ڕوویداوە لە بیر و بۆچوونیاندا ، هەرچەندە هێشتا هەر ژەنگی ئەو حیزبایەتییەی کوردستانیان پێوە ماوە و بە تەواویی لەو قاڵبە تەسکە دەرنەچوون ، لەگەڵ ئەوەشدا زۆر بە زەحمەت ڕێکخراوەکانی حیزبەکانی کوردستان و وڵاتانی داگیرکەرانی کوردستان لەمپەڕی چەپەوە تا ئەوپەڕی ڕاست ! لە دەرەوە ، کارە حیزبیی و ڕێکخستنەکانیان بە باشیی بۆ ڕائەپەڕێنرێت!.

زۆر جار کێشەی گەورەی ئەو ڕێکخراوانە ئەوەیە کە کەس خۆی ناداتە بەر کارە حیزبییەکان و بەرپرسیاریی ناگرێتە ئەستۆ.

کەواتە گۆڕانکاریی فیکریی و بێزاریی لە حیزبەکان و ژیانی حیزبایەتی بەو جۆرە و سیاسەتی هەڵە و چەوتی بێ سەروشوێن ، دزیی ، جەردەیی و ڕوتاندنەوەی جەماوەر وای کردووە کە جەماوەرێکی زۆری ڕۆشنبیر لە ناخەوە هەوڵئەدەن کە دورەپەرێزبن لەو حیزبایەتیکردنە ، بەڵام نەك لە سیاسەت و مەسەلە ڕەواکانی گەل و نیشتمانەکەمان.

بۆ نمونە ، لە دەرەوەی کوردستاندا سەدان کۆڕ و کۆمەڵی کوردستانیی و کوردیی هەیە کە ڕۆژانە لە خەباتدان لەپێناوی ئاوات و ئامانجەکانی گەلەکەماندا و ناساندنی کێشە نەتەوایەتی و نیشتمانییەکان و تەنانەت زۆر جار ئەوەی ئەو دەزگا کوردستانییە بێلایەنانە کردوویانە ، بە حیزبەکانی ناو کوردستان نەکراوە ، ئەمە و سەدان گۆڤار و بڵاوکراوە و ڕادیۆ و تێلێڤیزیۆن و ئینتەرنێتی کوردیی و ..تد.

بە سەدان هاونیشتمانیی کوردستان ئەندامن لە حیزبەکانی سویددا و هەندێکیش ئەندامی چالاکی سەرکردایەتی حیزبەکانن و ڕۆڵی گرنگ ئەبینن و هەندێکیشیان ئەمساڵ لە لایەن حیزبەکانیانەوە پاڵێوراو بوون بۆ ئەندامەتی پەرلەمانی یەکیەتی ئەوروپا ، ئەمە و جگە لەوەش کە جەماوەرێکی زۆری هاونیشتمانییانی کوردستان وەك پەنابەرانی تر و هاونیشتمانییانی سوید ، بەشداریی دەنگدانەکان و هەڵبژاردنەکان ئەکەن.

کەواتە لە حیزبایەتی کوردستان بێزارن ، ئەگەرنا حیزبایەتی ناکەن لە حیزبە سویدیی و ئەوروپاییەکاندا.

خۆپیشاندان و بێزارییدەربڕین و مانگرتنەکانی دەیان هەزار هاونیشتمانیی کوردستان لە شار و شارۆچکەکانی وڵاتانی پەنابەرییدا ، بۆ پشتگیریکردنی سەرجەم خەباتی گەلەکەمان و بەتایبەتیی لەم دواییەشدا بۆ پشتگیریی لە شۆڕش لە باکوری کوردستاندا و لە ئۆجەلان ، ئەو ڕاستییە ئەسەلمێنێت کە جەماوەری کوردستان لە حیزبایەتییەکەی کوردستان بێزارن نەك لە سیاسەت! لە سەرکردەکان بێزارن نەك لە گەل و نیشتمانەکەیان!

هۆی چوارەم: بەرزبوونەوەی ئاستی ڕۆشنبیریی زۆربەی زۆری جەماوەر و هاوتاش لاوازبوونی باوەڕیان بە سەرکردایەتی بزوتنەوەی ڕزگاریی نیشتمانیی کوردستان و بێزاربوون لەو بارودۆخەی بەسەر گەلەکەیاندا هێناوە.

سەرجەمی ئەو هۆیانەی سەرەوە و چەندان هۆکاری جیاوازی تر ، بوونەتە هۆی ئەوەی کە جەماوەری کوردستان تا ڕادەیەکی زۆر هۆشی نەتەوایەتی و نیشتمانیی پتەو بووە و ڕادەی ڕۆشنبیریی سیاسی بەرز بووەتەوە ، ئەمەش یاسایەکی سروشتییە و ئەگەر زوڵم و زۆرداریی و نامرۆڤایەتی داگیرکەرانی کوردستان نەبووایە ، بێگومانە کە ئەو پرۆسێسی بەرزبوونەوەی ڕادەی ڕۆشنبیریی سیاسییە زووتر پێئەگەیشت.

بزوتنەوە هەرچی جۆرێکی بێت ، سیاسی ، کۆمەڵایەتی ، ئابوری و..تد ، هەروەها شۆڕش و ڕاپەڕین و خەباتی جۆراوجۆر ، ئەگەر لەپێناوی جەماوەرەکەیدا نەبێت و سیاسەتی ڕۆژانە و خەبات و ئاوات و ئامانج و ستراتیج و تاکتیکی ئاشکرا نەبێت بۆ ئەو جەماوەرە ، ئەوا سەرکەوتوو نابێت.

هەروەها سەرکردایەتی ئەو شۆڕش و جوڵانەوانەش کە دیارترین بەشن تیایدا ، ئەبێ جێی باوەڕ و متمانەی جەماوەرەکە بێت.

کە جەماوەری کوردستان ئەمڕۆ شۆڕش ناکەن و ڕاناپەڕن دژی دەسەڵاتدارانی خۆماڵیی ، مانای ئەوە نیە کە باوەڕیان بە سەرکردایەتی بزوتنەوەکە هەیە!

بە هۆی زۆرداریی و چەوسانەوەی ساڵەهاساڵەی گەلەکەمانەوە ، ڕۆڵە ستەمدیدەکانی ئەم گەلە هەموو کاتێك شەیدای سەربەستیی و ڕزگاریی بوون ، هەر بۆیە هەمیشە دوای بزوتنەوە و ڕاپەڕین و شۆڕش و حیزبی تازە کەوتوون و بەسەر وماڵەوە پشتگیرییان کردوون ، بەڵام هەر زوو سەرکردایەتییەکە پاش جێگیربوونی خۆی ، ڕووی لە زۆرداریی و دیکتاتۆریی و ڕۆحزلیی کردووە و پشتیش لە جەماوەرەکە و بە (پایە)ی خۆی نەزانیوە! بەڵکوو زیادتر بە پاشکۆ و نەزان و نەخوێنەوار و

ساویلکەی لە قەڵەم داوە.
ئەگەر مردن و نەخۆشیی و پەککەوتەیی نەبێت ، تاکە حیزبێکی کوردستان و ناوچەکەش سکرتێر ، یان سەرۆکەکەی بە شێوەیەکی دیموکراتییانە و ئاسایی لانەچووە (لەسەر کورسییەکەی)!
سەرکردایەتی هەموو شۆڕش و ڕاپەڕینەکانی کوردستان لە چین و توێژە ئاغا و دەرەبەگ و شێخ و بەدەرامەتەکان بوون کە ئەمەش خۆی لە خۆیدا نوقسانیی نیە بۆ ئەو زەمانە ، جەماوەرەکەشی بریتی بووە لە ڕەشوڕووت و جوتیاران و بێدەرامەتانی کوردستان.
ئێستاش لە زۆر ڕووەوە لە (زەمان) زیادتر ، جیاوازییەکی ئەووتۆ نابینرێت لە نێوان ئەو سەرکردایەتییە کۆنانە و ئەمانەی ئێستادا ، بەڵام جیاوازییەکی زۆر هەیە لە نێوان جەماوەری جاران و ئێستادا ، جەماوەری ئەم زەمانە بەراورد ناکرێت تەنانەت لەگەڵ جەماوەری دە ساڵی ڕابوردوودا.
لە کۆتایی سەدەی ڕابوردوودا و سەرەتا و ناوەڕاستی ئەم سەدەیەدا سەرکردەکان لە پێشەوەی جەماوەرەکەوە بوون لە خەباتدا و لە شەڕدا ئەگیران و لە بەردەمی قەنارەدا ئەوەستان بۆ ئەوەی دوژمن زیادتر زیان نەگەیەنێت بە ڕۆڵەکانی گەلەکەیان.
سەرکردەکانی ئەم زەمانەش هەر لە پێشەوەی جەماوەرەکەن! بەڵام لە پاشەکشەکردندا ، لە دەوڵەمەندبوون و سامان کۆکردنەوەدا ، ئەگەر ڕۆڵەی خێرنەدیوی کوردستان لە بێزارییدا خەو ئەبینێت بە دەرەوەی کوردستانەوە ، ئەوا زۆربەی سەرکردەکان زیادتر لە پاسپۆرتێکیان لەگیرفاندایە (بۆ کاتی لێقەومان)!
دەستخستنە ناو دەستی داگیرکەرانی کوردستان کە جاران لایەنەکان بەوە یەکتریان تاوانبار ئەکرد ، ئەمڕۆ یەکێکە لە بنەماکانی حیزبایەتی و کاری سەرکردەکانی کورد و تەنانەت لە دژی یەکتر پێشبڕکێ ئەکەن لەسەر ئەوەی کێ زۆرترین (تەنازول) ئەکات بۆ دەزگا جاسوسیەکانی داگیرکەرانی کوردستان و ئیمپریالیزم!
جاران سەرکردەکانی ڕاپەڕین و شۆڕشەکانی باشور پەنایان ئەبردە بەر جەماوەر و سەرکردەکانی باکور و ڕۆژهەڵات ، ئێستاش شۆڕشگێڕان و سەرکردەکانی بزوتنەوەی ڕزگاریی کوردستان لە باکور و ڕۆژهەڵات نەك هەر داڵدەیان نادرێت لە باشور ، بەڵکوو لەجیاتی داگیرکەرانی کوردستان ئەیانکوژن ، ڕاویان ئەنێن ، تەسلیمیان ئەکەنەوە و تەنانەت جەندرمەی ئەتاتورك و پاسدارانیش ئەهێننە سەریان ، لە خاکی بەناو ڕزگارکراوی کوردستاندا!
جاران سەرکردەکان بە نانە وشك و ساوەری جوتیاران ئەژیان ، ئێستا بە میلیۆنان دینار و دۆلار و تمەن و لیرەی گومرگەکان ئەژین کە هەر لە جەماوەرەکە ئەکێشرێتەوە ، جگە لەو (یارمەتی)یانەی کە بە نهێنی و ئاشکرا وەریئەگرن لە دامودەزگاکانی داگیرکەرانی کوردستان و نێونەتەوەییەکان.
هەزاران جیاوازیی جاران و ئێستای سەرکردایەتی و جەماوەر هەیە و لەژماردن نایەن.
کەواتە بە شێوەیەکی گشتیی ڕادەی ڕۆشنبیریی جەماوەر بەرزبووەتەوە و هەر بەو شێوەیەش باوەڕی بەو سەرکردایەتییە کلاسیکیی و عەشایەرییەی بزوتنەوەکە نەماوە.
کە مرۆڤی کوردستانیی ئەو هەموو دیاردە سەیر و سەمەرانە و ئەو هەموو جیاوازییانە ئەبینێت! ئیتر چۆن و بە چ ڕوویەکەوە ئارەزووی حیزبایەتی هەبێت و بۆ کێی بکات؟ بۆ کام ئاوات و ئامانج و ئەنجام؟ بۆ کام دەستکەوتی نەتەوەیی و نیشتمانیی؟ و سەدان بۆی تر...
کەواتە ئەوانەی حیزبایەتی ئەکەن لە ئەوروپا ، با باش بیری لێبکەنەوە و ئەوەندەی تر جەماوەرەکە بێزار نەکەن ، هەر وەك حیزبەکانیان لە کوردستاندا ئەیکەن.
حیزبایەتی و ڕێکخستنی جەماوەر هونەرە و کارێکی پیرۆزە ، هۆش و بیری تیژی ئەوێت نەك قسەی زل و دەمارگیریی و

(وشكايەتی).

جاران سیاسەت بریتی بوو لە سەختترین و پاکترین ڕێگا بۆ گەیشتن بە ئاوات و ئامانجەکانی کۆمەڵ ، بەڵام ئێستا تا ڕادەیەکی زۆر و لەبەر چاوی هەموومانەوە بریتییە لە ئاسانترین و پیسترین ڕێگا بۆ گەیشتن بە بەرژەوەندە حیزبایەتی و تاکە کەسییە تایبەتییەکان!

کاك جەلال دەباغ خۆی لە زۆر کەس باشتر ئەزانێت کە حیزبایەتی شتێکە و سیاسەتیش شتێکی تر و ئەوەش باش ئەزانێت کە زۆر کەس تامەزرۆی ژیانی ئاسودەییان کردووە لە ئەوروپا و هیچ نەبێت دوارۆژێکی ڕوناکیان بۆ خێزان و منداڵەکانیان دابین کردووە ، بۆیە هەروا بە ئاسانیی ناچنەوە ژێر باری حیزبایەتی و بەرپرسیاریی ، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا کاك جەلال خۆی لەو ڕاستییە ئەبوێرێت!

کەسانێکی زۆریش هەن کە لە کۆنفرانسەکان و کۆنگرەکانی حیزبەکانیاندا هەڵئەبژێررێن بۆ سەرکردایەتی ، بەڵام چونکە لە ناخەوە باوەڕیان بەو جۆرە حیزبایەتییە کزبووە و هەستئەکەن کە درێغییان لێکراوە ، ئەوا هەزار و یەك بیانوو ئەدۆزنەوە بۆ ئەوەی هەر لە ئەوروپا بمێننەوە و نەگەڕێنەوە بۆ کوردستان بۆ ڕاپەڕاندنی ئەرکەکانیان.

تەنانەت وای لێهاتووە کە زۆر کەس ناوێرن بەشداریی کۆنفرانس و کۆنگرەکان ببن! لە ترسی ئەوەی کە (ئەوتۆماتیکی) هەڵئەبژێرێن بۆ کۆمیتە بەرێوەبەرایەتی و سەرکردایەتییەکان! چونکە کەس نایکات ، نمونەش بۆ ئەوە زۆرە و لەم باسەدا پێویست بە باسکردنیان ناکات.

ئەگەر بمانەوێت بە وردیی باسی ئەو ساردبوونەوەیەی ڕۆشنبیران بە تایبەتیی و جەماوەر بەگشتیی بکەین لە حیزبایەتی نەك لە سیاسەت! ئەوا باسێکی دور و درێژ و هەمەلایەنە ئەبێت ، چونکە هەر یەکە لەوانەی کە بێزار بوون لە حیزبایەتی و پاش قوربانییدان و ساڵانێکی زۆر لە خەبات و تێکۆشان ، هەر خۆی بۆ خۆی دەیان هۆی هەیە بۆ ئەو بڕیارە گرنگەی.

لەبەرئەوە لێرەدا ناکرێت هەموو ئەو وردە هۆیانە باس بکرێن.

لە کۆتاییدا ئەوەش ئەڵێم کە من لەگەڵ هەموو ئەم دەربڕینانەشمدا هێشتا هەر حیزبییم و کاری سیاسی ئەکەم و باوەڕیشم هێجگار پتەوە بەوەی کە ڕۆشنبیران و جەماوەری فراوانی ئەم گەلە ستەمدیدەیەی ئێمە دەستەوئەژنۆ دانانیشن و چاوەڕێی موعجیزە ناکەن بۆ گۆڕینی بارودۆخی کوردستان ، چونکە ئەو ڕاستییە ئاشکرا بووە کە ئەم حیزبانەی ئێستای کوردستان ، بەم سیاسەت و هەڵسوکەوتەی ئێستایان و بەم جۆرە حیزبایەتییەوە و لەمپەڕی چەپەوە تا ئەوپەڕی ڕاست ، مەحاڵە بتوانن ئامانجەکانی جەماوەری ستەمدیدەی گەلەکەمان بهێننەدی.

جەماوەری ئەمڕۆ ، هەر یەکە و لەڕێی خۆیەوە و بە چەشنێك خۆی ڕێکئەخات و خەباتئەکات ، بەڵام بێگومانە کە ئەویش نزیکبوونەوەی ئەو جەماوەرە تێگەیشتووە لە یەکتر بەبرەوتر ئەکات و بەم ڕۆژگارەش لە دەرەوەی کوردستان دەزگای جۆراوجۆری نەتەوەیی دروستئەبێت.

نزیکبوونەوەی چەند کوردێك لە یەکتر ، خۆی لە خۆیدا جۆرێکە لە ڕێککەوتن لەسەر مەسەلەیەك یان چەند مەسەلەیەکی دیارییکراو و سازشکردن لەسەر چەند مەسەلەیەکی تر کە ئەمەش خۆی لە خۆیدا جۆرێکە لە (ڕێکخستن) یان وەك ئێمە پێی ئەڵێین حیزبایەتی!

دروستبوونی دەیان حیزب لە کوردستاندا ئەو ڕاستییە دەرئەبڕێت کە ئەو جەماوەرە (کۆنە حیزبییانە) باوەڕیان بە سیاسەتی حیزبەکانی پێشوویان نەماوە و هەر لەبەرئەوەشە کە لەگەڵ کەسانی تردا لە دەرەوەی حیزبەکەی خۆیاندا ڕێك ئەکەون و حیزبی نوێ دروست ئەکەن ، هەرچەندە ئەم حیزب دروستبوونەش ئەمڕۆ تا ڕادەیەکی زۆر بووە بە مۆدە و بە پێویستیی مێژوویی نیە و زۆربەی ئەو کۆڕوکۆمەڵانە لەسەر حسابی بەرژەوەندی ئەم و ئەو و ئەملا و ئەولا دروست ئەبن!

**دواجار ، دیسان ئەوە دووپات ئەکەمەوە کە بەرەیەکی چەپ تا ڕادەیەکی باش ئەتوانێت زۆربەی ئەو جەماوەرە بێزارە کۆبکاتەوە.**

**1999-7-20**

* لە گۆڤاری (پەیام) دا ، ژمارە 18 ی ساڵی 1999 بڵاوکراوەتەوە.